### لەسەرەتای ساڵی نوێی خوێندنەوە:

# پۆشاکی ئامادەکراوی پەروەردەو درەنگ گەشتنی نیگەرانی دروستدەکاتو لەهەڵەبجەی شەهیدیش خۆپیشاندان دەکرێت

ئا: نمنم- ئاشتی جەمیل ..............................

ئەم ساڵیش هەروەک ساڵانی تر دەرگای قوتابخانەکان لەکاتی خۆیدا بەڕووی قوتابیان و مامۆستایاندا کرایەوە بۆدرێژەدان بەخوێندنی ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠، بەڵام هەروەک هەمیشە وبێ پلانی حکومەت بۆبەڕێوە چوونی کارەکانی پەروەردەو فێر کردن لەساڵی نوێی خوێندندا، کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان هاو کات بوو لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە کەڕوبەڕوی قوتابیان ومامۆستایان بوویەوە.

یەکێک لەو کێشانە پۆشاکی ئامادەکراوی پەروەردەو درەنگ گەیشتنیەتی کە نیگەرانی لای قوتابی و کەس‌وکاریان دروست کردووە، وتێکەڵکردنی کوڕانو کچان لەهەندێ جێگەو شاردا بووەتە جێی ناڕەزایی دایکو باوکی قوتابیان.

پاش ئەوەی چەند ساڵێکە وەزارەتی پەروەردەبڕیاری داوە کە پۆشاکی قوتابخانە لەڕێگەی خۆیانەوە دابەش بکرێت بەسەر قوتابیاندا، کەجیاواز لەساڵان دایکان خۆیان قوماش یان بەئامادەکراوی لەبازاڕ دەیانکڕی بۆ قوتابیەکانیان، هەر بۆیە لەیەکەم ڕۆژی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەوە قوتابیان بەیەک ڕەنگیەوە دەڕۆشتنەوە بۆ قوتابخانە.

شیرین خان ژنی ماڵەو دایکی چوار قوتابیە، دەڵێت بەدرێژایی ساڵی پار جلم بۆ منداڵەکانم نەکرد، هەر ڕۆژەو شتێکیان لەبەر دەکرد، لەچاوەڕوانی جلدابون تانزیکی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ بووەوە ئینجا وەریانگرت، کە ئەو بڕە پارەیە بەو کۆتایی ساڵە زۆر بوو لەسەر خێزانەکان، وائەمساڵیش بۆیان بچوک بۆتەوە، چونکە منداڵ وەک گەورەنی یە، بەردەوام لەگەورەبوونو گەشەکردندان.

پەروین خان دایکی پینج قوتابی کچە، زۆری پێباش بوو وتی: ئیشێکی زۆر باشە دەستخۆشی لە پەروەردە دەکەم، جاران هەرکچێکم ڕۆژێک دەیسوڕاندمەوە بەبازاڕدا تا جلێکی بەدڵ دەبوو، بەڵام دووساڵە سەرم سوکە کچەکان بیانوم لێناگرن.

مامۆستا چیمەن کەدایکی چوار قوتابیە، ئەویش گلەیی لەدرەنگ گەشتنی  جلەکان دەکات ،لەگەڵ ئەوەدا ئەم سیستەمە بەکارێکی باش دەزانێت، چونکە بەتەواوی جیاوازی لەنێوان چینی دەوڵەمەندو هەژاردا نەماوە، هەرچەندەجاران هەمووی کراسی سپی بوو، بەڵام قوتابی واهەبوو گرانترین قوماشو لە نوێترین مۆدێل دەیدوری،دەربارەی جۆری قوماشەکە،ووتی: گەر هەروەک ئەو قوماشەی ساڵانی پێشوو بێت کە چەند ساڵە لەبەری کچەکەمدایە و هیچی لێنەهاتووە کارێکی باشە، وەتێبینیشم لەسەر شێوازی دابەشکردنەکەیە ساڵان تەنورەکان بەجیا، چاکەتەکان بەجیا قوتابی بەئارەزوی خۆی هەڵی دەبژاردن، بەڵام ئێستا هەرسێ پارچەکە بەجارێک وەردەگرێت.

ڕێزان خان کە کاری نوسەری (کاتبە)دەکات بێتاقەتی خۆی بەرامبەر بەو دابەشکردنە دەربڕیو وتی: سەرئێشەکەی بۆ ئێمەی کارمەندە لەقوتابخانەکان، قوتابی واهەیە دەجار دێتەوە بۆلامان هیچی بۆ نابێت، ساڵی پار تاکۆتایی ساڵ ئێمە هەر خەریکی ئەو جلوبەرگانەبوین. وە بڕی پارەکە



بەلای زۆربەی قوتابیانەوە زۆرە، هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە بڕیاری داوە لەسەر حسابی حانووت بۆ هەژارەکانی بکڕێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لەتەمەنی باڵغ بونو هەرزەکاریدان پێیان شەرمە بڵێن پارەمان نیە.

لەهەڵەبجەی شەهیدیش یەکێک لەو کێشە سەرەکیانەی لەگەڵ کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکانی سنورەکەدا گرفتی بۆهاوڵاتیان دروست کرد، تێکەڵکردنی قوتابیانی پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم بوو، کەزۆربەی دایکان و باوکانی قوتابیانی توڕە کرد .

بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە، لەڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٧ خۆپیشاندانێکیان بۆبەردەم بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید ڕێکخست و داوای دەستبەجێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەیان دەکرد .لە هەمان کاتدا داوایان دەکردن کەجلی قوتابی بەخواستی سەرپەرشتیاری قوتابی بێت، نەک ئەوان بەکەیفی خۆیان جل بۆقوتابی بکەن، وەک دەزانن هەندێ ماڵ ٣تا ٤ قوتابی هەیە کەی ئەتوانێت ئەو بڕە پارەیە بدات کە ئەوان داوای دەکەن بۆ کڕینی جلوبەرگی قوتابی کەنرخەکەی زۆرزۆرە.

بەم بۆنەیەوە پرسیارمان لەخۆپیشان دەران دەکرد هۆکاری ئەم خۆپیشاندانە چیە؟ دەیان وت: "دەبێ وەزارەتی پەروەردە ئەو بڕیاری تێکەڵ کردنە هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەرنا خۆپیشاندانەکەمان درێژە پێدەدەین و تایەک مانگی دیکە بەردەوام دەبین".

دوای خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی (٩/٢٧) دووبارە دایکان و باوکانی قوتابیان داوای تێکەڵ نەکردنی کوڕان و کچانی قوتابیان دەکەن و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە دەکەن.

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهیدیش بەهۆی نەبوونی بیناو مامۆستای پسپۆڕەوە تاکو ئێستا ئەو بڕیارەی جێبەجێ نەکردووە، بەڵکو چەند قوتابخانەیەکی دیاریکردووە کە قوتابیانی ئەو قۆناغانە لەوێ بەشێوەیەکی کاتی درێژە بەخوێندنەکەیان بدەن، تاوەکو قوتابخانەی تایبەت بە کورانو کچان بەجیا بکەنەوە.

لەلێدوانێکیدا شێخ حەسەن بەڕێوبەری پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید بۆ ڕۆژنامەی ئاینده، وتی: "ڕاستە ماوەیەکە ئەو کێشەیە هەیە، بەڵام بەپێی توانا هەوڵی چارەسەرکردنیمان داوە، من خۆم کۆمەڵێک قوتابخانەم دیاری کردوە کەقوتابیەکان بەشێوەیەکی کاتی بچن لەوێ بخوێنن، ئێستاش کۆمەڵێک باوک نایانەوێ منداڵەکانیان لەو قوتابخانانەدا بخوێنن، بۆیە ئەوەشمان کردوە تاکێشەکانیان چارەسەر بکەین" .

بەڕێوبەری پەروەردەی هەڵەبجە ئاماژە بەوەدەکات کە: "ئەوان کێشەی مامۆستای پسپۆرو کێشەی بینایان هەیە" هەروەهادەڵێت: "ئەو کێشانەش بەتەنها کێشەی هەڵەبجە نیە بەڵکو کێشەی شوێنەکانی تریشە لەسەرتاسەری عێراقدا، بۆیە ئێمە لەهەوڵی چارەسەری کێشەکەداین و چەند خوێندنگەیەکی بنەرەتیمان دەستنیشان کردوە بۆئەوەی ئەو قوتابیانە تیایدا بخوێنن کە ئامادەنین بچنە ئەو ناوەندیە کوڕانەوە" .

# یارییە ئاگرینەکان؛ بۆنەیەک بۆ حەز و وادەیەک بۆ غەم

ئەدیبە ئەحمەد ..............................

زۆربەی زۆری منداڵان ڕۆژ دەژمێرن بۆ ئەوەی بگەنە بۆنەو چەژن و یادەکان وەک جەژنەکانی (ڕەمەزان و قوربان و نەورۆز) ...هتد، ئەمانە بەدەر لە حەزی خواردن و سەردان و نمایش کردنی جل وبەرگ، چاوەڕێی یارییە ئاگرینەکان دەکەن و بە گۆڕەپانێکی دەزانن بۆ تاودان و دامرکانەوەی هەستی جۆش خواردوو و هەندێ جار شەڕەنگێزانەکانیان.

هەندێک جاریش زۆر سەرە ڕۆیانە و بێ گوێدانە دەرئەنجامە مەترسیدارەکانی کە گەلێک جار هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی دەگەیەنێتە مردن یان لە مردن نزیکیان دەکاتەوە، تۆماری نەخۆشخانەکان و زاکیرەی خێزانەکانی ئێمە پڕن لە بەڵگە و نمونەی ئاشکرا کە لە هەندێک شوێن بە مەرگ کۆتایی هاتووە .

ئەوەتا سۆرانی تەمەن (١٥) ساڵ حەزی خۆی بۆ بەکارهێنانی ناشارێتەوە و بۆ چێژی خۆی خەڵکیشی پێ دەترسێنێ، وەک دەڵێ: (زۆر حەزم لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە یارییانەیە بەردەوام بەکاری دەهێنم، تەنها بۆ خۆشی و جارجاریش خەڵکی پێ دەترسێنم).

سەرەڕای ئەمانەش هەندێکجار بۆ ڕایی کردن و دەست کەوتنی ئەم یاریانە منداڵان فشار بۆ سەر دایک و باوکیان دروست دەکەن لەڕێی جوڵاندنی هەست و سۆزیان درۆ و فێڵ کردن، ئەمە لەکاتێکدایە کە دایک و باوک زۆر باش مەترسییەکانی ئەم یاریانە دەزانێت بەناچاری و لە ڕێگەی فشاری کۆمەڵگەو کۆڵانەوە رادەستی خواستی منداڵەکانیان دەبنەوە.

دەستەیەکی تر لە منداڵان بە جۆرێکی دی بیر دەکەنەوە و ژیرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بارە دەکەن و پێیان وایە ئەم یاریانە هیچ سودێکی نییە و تەنها پارە خەرج کردنە، ئەوەتا محەمەد مەجیدی تەمەن ( ١٣) ساڵ دەڵێت: (قەت ئەم یاریانە بەکار ناهێنم و حەزیشم لێیان نییە، چونکە سوودی نییە و تەنها پارە خەرج کردن و کات بەفیڕۆدانە، داواکارم هاوتەمەنەکانم بەکاری نەهێنن)، ئەم یاریانەش لە ئاسمانەوە نابارێت، دیارە لە ژێر دەستی بازگە ڕەسمیەکانی حکومەت و بازرگان و دوکاندارەکاندا دەگاتە منداڵان .

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: بۆ دەبێت بۆ بڕێک قازانجی مادی و خۆشکردنی بازاڕیان بازرگان و دووکاندارەکان ویژدانیان ئاسوودە ناکەن یان ئەوەتا نەیهێنن یان جۆرێک بهێنن کە مەترسی بۆ سەر ژیانی منالان نەبێت؟؟ . ئەوەتا دووکاندارەکان نایشارنەوە سەرەڕای ئەوەی داواکاری منالانە، بەڵام دووکاندارەکان لەبەر قازانج و دەسکەوتی ماددیان ئەو کارەئەکەن، بێ گوێدانە بەرژەوەندی و سەلامەتی منالان، وەک یەکێک لە دووکاندارەکان بۆمان دووا و وتی: (ئەو جۆرە یارییانە بووەتە جێگەی حەزی منالان بە تایبەتی کوڕان، بە دڵنیاییەوە مەترسیدارە، دایک و باوک تەسلیمی حەزی منالەکانیان دەبن و دووکاندارەکانیش لەبەر دەسکەوتی ماددیان ئەو یارییانە لەبۆنەکاندا دەهێنن) .

ئەی لەم نێوەندەدا دەبێت ڕۆڵی حکومەت و دەزگا ئیداریەکان چی بێت؟ کە بە دڵنیاییەوە نەتوانراوە کەشێک دروست بکرێت هەم خواستی منالان تێر بکرێت و هەم سەلامەتی ژیانیان دابین بکرێت، جگە لە گەڕانی تیمێکی پۆلیس بە کۆڵانەکاندا و لە دەست وەرگرتنی چەند دانەیەک لە دەستی منالان کە دیارە ئەمەش چارەسەری دیاردەکە ناکات و پێویستە ڕێ و شوێنەکان ئاراستەی بازرگان و دووکاندارەکان بکرێت و لەسەروو هەمووشیانەوە یاسا هەبێت بۆ ڕێکخستنی ئەو جۆر کاڵایانەی کە دێتەووڵاتەوە، دەزگا ئیداریەکانیش پێیان وایە بە کارهێنانی لە کۆنترۆڵ دەرچووە ئەمەش ئاماژەیەکی خراپە چونکە هەوڵی سنووردار کردنی لەبار دەبات، هەروەک قائمقتمی دەربەندیخان دەربارەی ئەو پرسە وتی: (یاری ئاگرین جوانە، بەڵام دەبێت لە بۆنەی تایبەتی خۆیدا بە کار بهێنرێت، لە هەموو وڵاتاندا بە کاردێت، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێک و پێک، بەداخەوە لای خۆمان لە کۆنترۆڵ دەرچووە)، هەرچەندە نووسراوی ڕەسمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی سلێمانی لەسەر قەدەغە کردنی ئەم یارییانە هەیە، بەڵام ئەو بەرپرسە قەدەغە کردنی بە تەواوی بە ئەستەم دەزانێت، چونکە: (ئەم کەل و پەلانە کە لە سنوورەوە دێن گومرگ کراون، چۆن دەتوانرێت لێی قەدەغەبکەیت)، پێشی وایە: (دەبێت ڕێکخستنی ئەم کارە لە هاتنی کەل و پەلەکان لە سنوورەوە پاشان بازرگانەکانەوە بێت)، بەڵام ئەم بەرپرسە پێشنیاری هەبوو: (بادائیرەی گومرگ مۆڵەتی فرۆشتنەکەی سنووردار بکەن و چەند ڕۆژێکی کەم لە پێش بۆنەکان بخرێنە بازاڕو زانیاری تەواو لە بازرگانەکان وەربگیرێت هەتا بەدوادا چوونی بۆ بکرێت).